## لیدوانێك بۆ رای گشتی:

# دەربارەی کێشمەکێشی نێوان حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ساڵی 2000 لە ئەنجامی هاتنەکایەوەی کۆمەڵیك ئیختلافات و کێشەی سیاسی لە نێوان حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، دوای چەند مانگ بەهانەگرتن و بێنەو بەرەی سیاسی، سەرئەنجام رۆژی 14ی تەموزی 2000، پاش بەرێوەچونی گفتوگۆ لە نیوان وەفدی رابەری هەردوولاداو رێککەوتن لەسەر چارەسەری سیاسیانەی کیشەکان، یەکیتی نیشتمانی هێرشێکی چەکدارانەی کردە سەر حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری. بەم جۆرە یەکیتی نیشتمانی ئیختلافاتی سیاسی کێشایە مەیدانی شەرو بەرامبەرکێی چەکدارانە لەگەل ئێمەدا.

لە ماوەی 5 ساڵ و چەند مانگی رابردوودا بە هۆی سوربونی یەکێتی لەسەر سیاسەتی شەرخوازانەو سەرکوت و ڕاونان بەرامبەر حیزبی ئیمەو لە ژێرپێنانی ئازادی سیاسی، تا ئێستا بەرامبەرکێ و بارگرژی هەر درێژەی کێشاوە لە نێوانماندا. ئەم فەزایەش کاریگەریەکی سەلبی هەبووە لەسەر فەزای سیاسی کۆمەلگا. یەکێتی نیشتمانی بە درێژایی ئەم ماوەیە نەك هەر نیەتێکی ئیجابی و مەیلێکی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە نیشان نەداوەو بەو سیاسەتەی خۆیدا نەچۆتەوە، بەڵکو بە کردەوە دەریخستووە کە ئەم فەزاو بارگرژیە لە بەرژەوەندی خۆیدا دەبینێتەوەو وەکو بەهانەیەك بەکاری دەهێنی نەك هەر بۆ رێگری دروست کردن لەبەردەم کارو هەلسورانی ئیمە، بەلکو تەنانەت هەموو خەبات و نارەزایەتی و خۆپیشاندانیکی جەماوەریش بە بەهانەی ئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری لە پشتەوەی راوەستاوە، سەرکوت دەکات. یەکیتی نیشتمانی بە کردەوە نیشانیداوە کە هەرچۆن رۆژی یەکەم قازانجی خۆی لە خولقاندنی ئەم شەرو کیشەیە بینیەوە، ئیستاش قازانجی خۆی لە دریژەدانی ئەم فەزایەدا دەبینیتەوەو دەیەوێ هەروا بەردەوام بیت.

ئیمە وەکو هەست بە لێپرسراویتی بۆ گونجاوکردنی فەزای سیاسی کۆمەلگای کوردستان بە قازانجی بوارکرانەوە بۆ دەخالەت و هاتنەمەیدان و قەزاوەتی سیاسی هوشیارانەی خەلك، بە تایبەتی کە بزووتنەوەی جەماوەری لە پیناو ئازادی و پیداویستیەکانی ژیان رووی لە گەشەو هەلدانە، هەروەها لەو روانگەیەوە کە ئەم فەزای کیشمەکیش و بارگرژیە بە قازانجی خەلك نازانین، لەو رووەوە کە پێمان وایە قازانجی خەلك و ئازادی لە فەراهەم کردنی فەزایەکی سالمی سیاسی و ئارامدایە کە بوار بۆ بوژانەوەی ئیرادەو دەخالەتی هوشیارانەی جەماوەر بکاتەوە، بەم لیدوانە بە رەسمی بۆ رای گشتی رایدەگەیەنین کە ئیمە لای خۆمانەوە یەك لایەنە ئەم فەزای بارگرژی و بەرامبەرکێیە تەواو دەکەین و کۆتایی پی دەهینین. ئەودوای مەسەلەکە دەکەویتە سەر یەکیتی نیشتمانی کە چۆن لەگەل ئەم دەستپیشخەریەی ئیمەدا مامەلە دەکات. ئەگەر یەکێتی نیشتمانی ریز لە ئازادی سیاسی بگریت و ریگری لەبەردەم کارو هەلسورانی ئیمە هەلگری و ئەو مومتەلەکاتەی کە لەلایەن ئەوانەوە دەستی بەسەردا گیراوە بگیریتەوە، بوار دەکاتەوە بۆ بەسەمەر گەیشتنی ئەم دەستپیشخەریە. بەلام لە هەمانکاتیشدا دریژەپیدانی ئەم فەزایە بە تەواوی دەکەویتە ئەستۆی یەکیتی.

ئەم دەستپیشخەریەی ئێمە بۆ کۆتایهێنان بەم کێشەیە، لەکاتێکدایە کە یەکێتی لەسەر سیاسەتی خۆی بەردەوامەو هیچ دانوسان و تەوافقیك لە نیوان هەردوودا روونەداوە، هەست بە مسئولیەتیکی یەکلایەنەی ئێمەیە لە پێناو بەرژەوەندی لێکهەڵپێکراوی خەڵك و ئازادی و کۆمەڵگاو ئامانجە ئینسانیەکانی خۆمان. لە بەرامبەریشدا ئەگەر یەکێتی نیشتمانی نەیەوێ ئەم دەستپێشخەریەی ئیمە لەبارببەرێت، مسئولیەتی ئەوەی دەکەوێتە ئەستۆ کە پابەندی ئازادی سیاسی بێت، کۆتایی بە سیاسەتی شەرئەنگیزی و ڕێگری دروست کردن بۆ کارو هەڵسوڕانمان بهێنێت و مامەلەیەکی دروست لەگەڵ ئەم سیاسەتەی ئێمەدا بکات.

*ڕێبوار ئەحمەد*

*لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقەوە*

*20ی تشرینی دووەمی 2005*